## د. عەبدولواحید لوئلوئە:
# جەبرا ئیبراهیم جەبرا پێشەنگی یەکەمی تازەگەری لە ئەدەبی عەرەبی رۆژهەڵاتدا

و: تاهیر عوسمان



د. عەبدولواحید لوئلوئە

لەو چاوپێکەوتنەدا کە گۆڤاری (الحوادث) لەگەڵ رەخنەگری عێراقی د. عەبدولواحید لوئلوئە سازی کردووە، ناوبراو باس لە جەبرا ئیبراهیم جەبرای مامۆستای (بەدر شاکر ئەلسەییاب و کەش و هەوای ئەدەبی پەنجاکان و شەستەکانی سەدەی رابردووی بەغدا دەکا، هەروەها باسی (ئەدۆنیس) دەکاو پێی سەیرە کە هەندێک لە توێژەران وایان لە بارەوە نووسیوە کە شاعیر دەستی بەسەر چەندین دەقی بیانیدا گرتووە و پاشان وەریگێڕاونەتە سەر زمانی عەرەبی و بەهی خۆی لە قەڵەمی داون. لەگەڵ ئاماژەکردنی بە چەندین مەسەلەی ئەدەبی گرنگی تر وەکو کاریگەریی گۆڤاری (شیعر)ی لوبنانی لەسەر شاعیرەکانی عێراق و چۆنیەتی هاتنی جەبرا بۆ عێراق و ژنهێنانی و پەیوەندی و کاریگەریی

لەسەر نووسەرانی ئەو سەردەمە ئەمەش کورتکراوەی ئەم چاوپێکەوتنەیە.

*** هەندێک لایەن هەن (جەبرا) بەباوکی تازەگەریی لە قەڵەم دەدەن، لە بەرامبەردا تێبینی تر هەیە لەسەر ئەو خاڵە گرینگە، بەڵام لە راستیدا جەبرا یەکێک بووە لە نووسەرانی تازەگەریی سەردەمی خۆی، نەوەک پێشەنگی تازەگەری، ئێوە چی دەڵێن؟**

- من تەنها هەر لەگەڵ ئەو رایەی یەکەمدا نیم بەڵکو بەتەواوی پشتگیری دەکەم و سڵیش لەکەس ناکەمەوە، راستە من لایەنگری جەبرای مامۆستام ناکەم، کە پێویست دەکات لایەنگری بم، بەڵکو چەند هۆکارێکی بابەتی دیکە هەن کەوا لە جەبرا دەکەن ببێ بە پێشەنگی یەکەمی تازەگەری عەرەبی، بەتایبەتی لە رۆژهەڵاتدا. بەغدا لە کۆتایی چلەکاندا چالاکی و جموجۆڵێکی زۆری تیابوو، جەبرایش سەنتەری ئەو چالاکییانە بوو، من زۆر ناوت پێ دەدەم بەدر شاکر سەییاب، بلند حەیدەری، عەبدولوەهاب بەیاتی، حوسێن مەردان، وێنەکێشەکان نزیکەی هەرهەموویان رای ئەویان پەسەند بوو، بۆ نموونە جواد سەلیم و نزاری برای، نەزیهەی خوشکی، محەمەد غەنی، هەر هەموویان دەگەڕانەوە لای جەبراو پرسیان پێیدەکرد. ئەو مرۆڤێکی تا بڵێی سادەبوو خۆی لە هیچ کەس نەدەگرت، شتەکانی بۆ راڤەدەکردن و شیدەکردەوە، ئەوکاتەی قوتابی بووین کاتژمێر (١٠)ی رۆژانی پێنج شەممە لە وانەکان پشوومان هەبوو، ئەو ساتەش کاتی چاوپێکەوتنێکی گشتی بوو لە کۆلێژ، ئەو تیایدا وانەی ئەدەبی و رۆشنبیری پێ دەوتینەوە، بۆ نموونە سوریالییەت چییە، دوای چەند هەفتەیەک باسی شیعری ئازادی دەکرد، رۆمانسییەت، رێبازەکانی پەخشان و وێنەکێشان، جەبرا چەند وێنەیەکی پێدەداین و بۆی راڤە دەکردین، چونکە خۆی وێنەکێشێکی بێ هاوتابوو.

جەبرا بەراستی هزری ئەو لادانەی دەکردەوە، ئامادەی فێربوون بوون و گوێ بگرن. حوسێن مەردان خۆی بە(بودلێر)ی عێراق دادەناو شاعیرێکی سەیر بوو. ئەو پیاوە بەدوای جەبرا دەکەوت و لە ژوورەکەی لە شەقامی (رەشید) سەردانی دەکرد، تا وەکو لێی فێربێ، یەکەم کتێبیشی کە جەبرا بۆ عەرەبی وەریگێڕابێ، چەند کۆپلەیەکی (جێمس فرێزەر) بوو بەناوونیشانی (چڵی زێڕین)، جەبرا وەرگێڕانەکەی ئەو کتێبەی بۆ حوسێن مەردان دەخوێندەوە، ئەوەش یەکەمین کتێبی وەرگێڕدراوبوو لە عێراقدا.

جەبرا هانی هەموو ئەو کەسانەی دەدا کە بە هرەیان لە وێنەکێشاندا هەبوو، بەشێکی ژیانی لە هۆبەی رۆشنبیری کۆمپانیای نەوتی عێراق بەسەر بردو ئەو کۆمپانیانەش گۆڤارێکی رۆشنبیری هەبوو بەناوی (کرێکاران لە نەوت) لەسەر بەرگی ئەو گۆڤارەشدا گرینگترین بەرهەمەکانی وێنەکێشەکانی عێراق و عەرەبەکانی بڵاودەکردەوە.

هەروەها شیعرو بەرهەمی ئەدەبی زۆربەی نووسەرانی عێراقی تیا بڵاودەکردەوە. ئەو پشتگیرییەی کە جەبرا لە سەییابی دەکرد هەرگیز لە بیرناکرێ، کە دەڵێن سەییاب دوو ساڵی لە بەشی زمانی عەرەبی و دوو ساڵی لە بەشی زمانی ئینگلیزی خوێندوەو بەهۆیانەوە سوودێکی زۆری لە شیعرو ئەدەبی ئینگلیزی وەرگرتووە، ئەم قسەیە زێدەڕۆیی تێدایە، چونکە شارەزایی سەییاب لە ئەدەب و شیعری ئینگلیزی لە هاورێیەتی جەبراوە هات، لەبەر ئەوەی سەییاب رۆژانە سەردانی جەبرای دەکردو بەیەکەوە دادەنیشتن و گوێی لێ

دەگرت و پشتی بەکتێب و سەرچاوەکانی دەبەست و گوێڕایەڵی ئامۆژگارییەکانی جەبرا دەبوو.

بێ گومان سەبیاب بەهرەیەکی ئەدەبی گەورەبوو، زۆری دەخوێندنەوە، بەڵام جەبرا ئەوی ئاراستە دەکرد، ئەوەش هەقیقەتێکە من لە نزیکەوە دەیزانم و خۆم تیایدا ژیاوم. بۆیە هیچ زێدەڕۆیی نییە کە بڵێین جەبرا پێشەنگی تازەگەرییە، چونکە ئەو تازە گەریی بوژاندنەوەو دایمەزراند، بۆ نموونە ئەو باسی شیعری ئازادی دەکرد بەمانا وردەکەی، بەڵام ئەو ناوەی کە (نازک ئەلمەلایکە) دواتر بۆ ئەو شیعرەی داناو زاراوەی (شیعری ئازاد) بڵاوبۆوە و بوو بەباو، (نازک) کە باسی شیعری ئازادی دەکرد مەبەستی شیعری تەفعیلە بوو کە لەڕاستیدا ئەو شیعرە خۆی ئازاد نییە، چونکە کێش و سەروای هەیە، شیعری ئازاد لەسەردەمی (واڵت ویتمان) لە ساڵی (١٨٨٥)ەوە تا دەگاتە ئەمڕۆ شیعرێکی بێ کێش و سەروایە. تەنها ئیقاعی وشەکان هەیە و هیچی تر. و پاشان تێکەڵاوییەک لەنێوان شیعری ئازادو چامەی پەخشان ئامێزدا بەرپاکرا. هەرچەندە جیاوازییەکی زۆر لەنێوان ئەو دوو جۆرە شیعرەدا هەیە.

جەبرا لە ساڵانی چلەکان و پەنجاکاندا سەرچاوەی بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی تازەگەریی بوو لەعێراق. هەرچەندە کاریگەرییەکەشی هەر لەناو عێراقدا نەبووە، بەڵکو هانی زۆر کەسی تری داوە بەتایبەتی لە لوبنان و سوریا و میسردا.

*** گریمان جەبرا ژیانە ئەدەبییەکەی لە بەغدا بەسەر نەبردبا، بەڵکو لە بەیروت یاخود لە قاهیرە ژیابا، ئایا کاریگەرییە ئەدەبییەکەی زۆر زیاتر نەدەبوو؟**

– بێ گومان زیاتر دەبوو، گومان دەکەم کە ئەگەر لە قاهیرە نیشتەجێ بووایە، کاریگەریی زۆرتری دەبوو، چونکە قاهیرە پڕبوو لە نووسەرو شاعیرو ئەدیبی بەرز، هەرچەندە ئەوان زیاتر بە(میسریەتی) خۆیان پڕ کراونەتەوە، یاخود سوورن لەسەر ئەو بەمیسری بوونەی خۆیان. بۆ نموونە لەسەردەمی بوژاندنەوە لە میسر تێڕوانینێکی جیا بۆ ئەدەبی غەیرە میسری هەبووە، کە تا رۆژانی فەرید ئەترەش و ئێستاش هەر بەردەوامەو ماوە. ئەوان لوبنانی و فەلەستینی و عێراقیان بەوشەی (شامی) ناودەبرد، ئەگەر جەبراش ژیانی لەوێ بەسەر ببردایە بێگومان لەو نازناوە رزگاری نەدەبوو!!

*** بەڵام لەلای عێراقییەکانیش (فەلەستینی) بە (شامی) مامەڵەی لەگەڵ دەکرا، نەوەک لە میسر، چونکە جەبرا لە عێراق ژیاو تەمەنی خۆی خستە خزمەتی ئەو وڵاتە، بەڵام جۆرە مامەڵەیەکی سەیری لەگەڵدا دەکرا، وەکو (نامۆ) بێ هەرچەندە رەگەزنامەی عێراقیشی پێدرابوو، ژنێکی عێراقی هێنابوو، بەڵام مامەڵەیەکی سەیری لەگەڵدا دەکرا، وانییە؟**

– لەوانەیە ئەوە لە سەرەتادا بووبێ، بەڵام بە تێپەڕبوونی کات هەموو لایەک زانیان چ زوڵمێک لەو پیاوە کراوە، چونکە جەبرا لە ژیانیدا خزمەتێکی زۆری عێراق و ئەدەب و هونەری عێراقی کرد. با ئەوەش لە یاد نەکەین کە جەبرا بێجگە لە عێراق لە زۆر شوێنی تر زوڵمی لێکرا، بۆ نموونە لە میسر بۆ وەرگێرانی (هاملێت)ی شکسپیر پشتیان بەوەرگێڕانەکەی جەبرا بەستا. بەڵام بەبێ ئەوەی ئاماژە بەوە بکەن کە (جەبرا) وەریگێڕاوە.

چونکە جەبرا بەر لە هەموو کەس ئەو شاکارەی کردووە بە عەرەبی و لە ساڵی ١٩٥٨ وەری گێڕاوە. کە دوای ئەو چەندین کەسی دیکە وەریان

گیرا، بەبێ هیچ ئاماژەیەک بە وەرگێڕانەکەی جەبرا. بۆیە ئەو لە بەرامبەر ئەو کارەیدا هیچ جۆرە پاداشتێکی ماددی و مەعنەوی پێ نەدرا.

*** دکتۆر ئێوە لە پەنجاکانەوە بەشداری ژیانی ئەدەبی عەرەبین، لەو قۆناغە گۆڤارێکی ئەدەبی لوبنانی بەناوی (شیعر) بڵاوبۆوە. ئایا ئەو گۆڤارە کاریگەریی بەسەر بزاڤی شیعری عەرەبی وڵاتە عەرەبییەکاندا هەبوو، ئایا کاریگەرییەکی بەڕای ئێوە هەر لە چوارچێوەیەکی ئەدەبی بەرتەسکدا بووە؟**

– گۆڤاری (شیعر) کاریگەریی لە عێراقدا هەبوو، بەڵام لە مەودایەکی تەسکدا، چونکە عێراق سەرچاوەی شیعرە، بۆ نموونە شاری بەسرە، دەڵێن کە خەڵکەکەی هەناسە دەدەن، هەناسەکەیان شیعرە، لەو شارەو لە شارەکانی تری وەکو عەمارە چەندین شاعیری گەورە هەڵکەوتوون. هەندێک لە شاعیرە عێراقییەکان گۆڤاری (شیعر)یان خوێندەوە و کەوتنە ژێر کاریگەری ئەو گۆڤارە، یا ئەو جۆرە شیعرەی کە گۆڤارەکە داوای دەکرد. جا کەوتنە ژێر کاریگەری هەندێک لە شاعیرانی وەکو (ئەدۆنیس)، خەڵک سەبارەت بەو گۆڤارە بوونە دوو بەش، هەبوون بە ئیجابیانە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکردو لە هەمان کاتدا هەبوون بە چەندین ناوو ناتۆرە تۆمەتباریان دەکرد. ئەو گۆڤارە ئاسۆیەکی فراوانی بەرەو ئەدەبی رۆژئاوا کردەوە. بەڵام هیچ مەرج نییە هاوشێوەی لەو شیعرە بنووسم کە لە گۆڤاری (شیعردا) بڵاودەبێتەوە، یاخود لاسایی بکەمەوە. شاعیرە عێراقییە لاوەکان (ئەنس ئەلحاج)یان دەخوێندەوە، چێژیان لە پەخشانە شیعریەکانی وەردەگرت. بەڵام سەیریان بە هەندێک لە وشەکانی دەهات. مەسەلەکە لەگەڵ محەمەد ئەلماغوت جیابوو، چونکە هیچ شاعیرێک پەخشانە شیعریان بە قەد ئەو خۆش نەدەویست. بۆیە لە (ئەدۆنیس) زیاتر لایان خۆشەویست بوو!

*** چۆن لە ئەدۆنیس - یان دەڕوانی؟**

– بەکەمێک ترس و نیگەرانییەوە، تەنانەت هەندێک جاریش بەهێرشکردنە سەریەوە، من خۆم هەرگیز ئەو توندوتیژیەم بەدڵ نەبووە، من هەر شیعرێکم بکەوێتە بەردەست دەیخوێنمەوە، ئەگەر بەدڵیشم نەبوو هەرگیز هێرشی ناکەمە سەر، بەڵام ئەمەت لێ ناشارمەوە لە شاعیرانی عێراق بوون بۆچوونێکی سلبیان بەرامبەر ئەدۆنیس هەبوو، یاخود بە لە خۆبایی لە قەڵەمیان دەدا، سامی مەهدی کتێبێکی چاپ کرد بەناوی دزییەکانی ئەدۆنیسی لە شاعیرو ئەدیبە فەرەنسییەکان بڵاوکردبۆوە، چەند دەقێکی ئەدۆنیس و دەقە فەرەنسییەکانی بەراورد کردبوو، وا پێدەچوو کە ئەدۆنیس هەر تەنها لاسایی کەرەوە و وەرگری بیرۆکەکە نەبێ، بەڵکو دزیش بێ، نازانم دەبێ ئەدۆنیس لە بەر چ هۆیەک پەنا بۆ گواستنەوەیەکی پیت بەپیتی شاعیرو نووسەرە بیانییەکان ببا، ئەدۆنیس هەرگیز پێویستی بەو جۆرە کارانە نییە؟ هەرگیز پێویستی بەوە نییە نە لە سورپالیەکانی فەرەنسا نە لە کەسانی تر بگوازێتەوە هیچ رێگرێک لەوەدا نییە لێیانەوە فێربێ و هەموو ئەدەبیاتی بیانی بخوێنێتەوە. بەڵام دەبوو ئەدۆنیس هەر بە ئەدۆنیس بمێنێتەوە و نەبێتە دەست درێژکەرو دز!!!

**سەرچاوە:**

**گۆڤاری (الحوادث)** ژ (٥٦) رۆژی ٢٠٠٧/٢/٢٤